# بەشێک لەو پەیامانەی کە بەدەست سێهەمین کۆنگرە گەیشتوون

## لەرێگای بەرێز مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانەوە بۆ کۆنگرەی سێیەمی حزبی ڕزگاریی کوردستان

هاوڕێ لەگەڵ جوانترین سڵاو ڕێز

بەو هۆیەوە بەبۆنەی پێکهێنانی کۆنگرەکەتان،کۆنگرەی سێیەمی حزبی رزگاریی کوردستانی برا،گەشترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین و پڕبەدڵ ئارەزوومەندین کۆنگرە سەرکەوتوانە هەموو ئامئنجەکانی بپێکێ و سەرکەوتوانە ئەرکەکنی بەرێوە بەرێ،

دۆستان! وەک دەزانن لەو رۆژەو کە حزبی ڕزگاری کوردستان پێکهاتوە بەتایبەتی لەرۆژ گاری ئەمرۆژی تێکۆشانی خۆیدا نەک هەر لەکوردستاندا بگرە لەدەرەوەی کوردستانیش، وەک دیاردەو هەڵکەوتەیەکی هەرە گرنگی پێویست لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا نەخش وجێگەی تایبەتی و خەباتی خۆی هەیە، نەخشی بەرەی ڕزگاری خوازی لەوانە حزبی ئێوە، حزبی رزگاریی کوردستان،لەو تێکۆشانە پیرۆزو بەر حەقەدا کەبریتیە لەمافی رەوای نەتەوایەتی، نەخشێکی کارسازوگرنگە کەپێویستە بەو پەڕی لێبڕاوی،دڵسۆزی ئاگادارییەوە بەرێوە بچێ، برینی ئەو قۆناغە هەستیارانە بۆ بەرەی رزگاری خوازی ،لەدەروازەی یەک گرتوویی،هاو پشتی و پشتیوانی رزگاری خوازانە لەیەکتری ، پێداگری لەسەر دیموکراتی کەهۆی نەشەو گەشە ی هەموو کۆمەڵگایە ،هەروەک لە پەیوەندیدایەلەپشت قایمکی وباوور بەسەرکەوتنی ئایینەدیەکی بەختەوەرانە ،لەکوردەوارێکی رزگارو سەربەخۆدا،پارتی سەربەخۆیی کوردستان ،هاورێ،هاوخەبات و هاوئامانج لەگەل ئێوە، شانازی هاوشانی وباریگرانی ئەوخەباتەی هەیە و لەو رێگاوپێناوەداکورت ناهێنێ.

بەسڵاوی دووبارە و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەو بەهومێدی رزگاری

یەکجاری کوردو کوردستان

**سەرکردایەتی**

**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

09/12/17

---

## بەرێز/مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان

دوایی سڵاو ڕێز

بەبۆنەی بەستنی سێ یەمین کۆنگرەی حزبەکەتان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئەندامانی کۆنگرە دەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرە کەتان دەخوازین،هیوادارین کۆنگراکەتان خاڵی وەچەرخان بێت لەدەرباز کردنی قەیرانی ژیانی حزبایەتی و بەبڕیارو راسپاردەی وا دەرچێ کە وەڵام دەرەوەی پێداوێستیەکانی ئەم قۆناغەی خەبات بێ.

ئاشکرایە حزبی رزگاری لە دەست پێکەوە حزبێکی دیموکرات و پێشکەوتن خواز بە لێگدانی خەباتی نەتاوەیەتی و چینایەتی لەژێر سایەی سیستەمی دیموکراتی و بەپێی یاساو بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بۆ چەسپاندنی یاساو بەهێزکردنی پایەکانی دیموکراتی ناسنامەی سیاسی خۆی دیاری کرد،بۆیە گرنگە ئەمرۆ لەم کۆنگرەو لەدوای ئەم مێژووە پێگەی خۆی لەم هاوکێشەیە دیاری بکات ،بەتایبەتی لەدوای هەلبژاردنی پەرلەمان لە2009/7/25 دەرکەوت کەپێگەی ئەم رەوتە لەلای خەدلکی کوردستان لاوازەو جێگەی پرسیارە،هیوادارین کۆنگرە بەدەست نیشان کردنی هۆکارەبابەتی و خودیەکان وەڵامیئەو پرسیارانە بداتەوە.

دوو بارە پیرۆزبای بەستنی کۆنگرەتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

لەگەل ڕێزمان

**مەکتەبی سیاسی**

**بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان**

2009/12/16

---

## زۆر بەرێز هەڤاڵانی حزبی ڕزگاریی کوردستان ،
## بەرێزان ئەندامانی کۆنگرەی سێهەمی حزبی رزگاریی کوردستان.

خۆشحالین بەوەی کەختان بۆبەستنی کۆنگرەی سێیەمتان ئامادەکردوە. سەرکردایەتی پارتی سەربەستی کوردستان بە نوێنەرایاتی گشت ئەندامانی پارتیمان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستەدەکات. کۆنگرەی ئێوەی بەرێز لەکات و ساتێک دا دەگیرێت کاهەل و مەرجی باشووری کوردستان بەرەوقۆناغێکی تایبەتی هەگاو دەنێت پلانی وڵاتانی دراوسێ وەک هەمیشە لەزیادبوون دایە و هاڵبژاردنی داهاتوویی ئێراق بەرێوەیە،کاسەدان پلانی نهێنی و ئاشکرا لەگۆردایە بۆکزکردنی کورد لەم هەلبژاردنەدا،بەدەیان کێشەی هەڵپاسێردراو لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا ماوەتەوە،لەسەرەوەی هەمووی کێشەی ناوچەدابراوەکانی باشوری کوردستان . ئێمە وێرایی پیرۆزبایی گەرمر خۆمان لەتەک ئێوەی خۆشەویست ، هیوادارین کۆنگرەکەتان ئەو هەنگاوانەی سەرەوە بەئەرێنی بگۆرێت و بریاری پێویستیان لەسەر بدات.

پارتی سەربەستی کوردستان خۆی بەپارتێکی دۆست ونزیک و هاوبیری ئێوەی بەرێز دەزانێت .لاتامەنی نزیک بەچوار ساڵ لەدامەزراندنی پارتیمان چەندین جار دیدارو چاوپێکەوتنی دوولایەنە لەنێوان سەرۆکی هەردو پارت واتە بەرێزان کاک عارف باوەجانی و کاک رێکار ئەحمەد بەرێووە چووە.

هیوادارین و داواکارین پاش کۆنگرە پیرۆزەکەتان هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ دۆستایەتی نێوان هاردوولایەنمان .

بەو هیوایەی کۆنگرەکەتان کۆنگرەیەکی پردەست کەوت بێت، بیری سەر بەخۆ خوازی زیاتر لەنێوبریارو پرۆگرامتان جێ بگرێت . هەروەها یەکێتی و تەبایی رێزەکانی حزبەکەتان ئارەزوو مانە.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەین

هەرشادوسەرفرازبن

**کۆمیتەی سەرکردایەتی**

**پارتی سەربەستی کوردستان**

2009-12-15

---

**بەرێز کاک رێکار ئەحمەد**

**سکرتێری گشتی پارتی رزگاریی کوردستان**

**بەرێزان ئەندامانی سێهەمین کۆنگرەی پارتی زگاریی کوردستان**

دەخوازم مۆڵەتم پێبدەن بۆ ئەوەی سڵاوو رێزی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکورتان پێڕابگەیەنم و هیوای سەربەرزی بۆ ئێوەو سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی سێ پارتی رزگاریی بخوازم.

پارتی رزگاری هاوکات و هاورێ لەگەڵ پارت و رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی کورد تێدەکۆشێ، بەڵام قۆناغەکە وادەخوازێ کە هەمو لایەک لە بەرەیەکی یەکگرتوودا هاوخەبات تێبکۆشن بۆ ئەوەی بتوانن دۆزی رەوای میللەتە دلێرەکەمان بەرەو قۆناغی سەرکەوتنی یەکجارەکی ببەن.

جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، بە ئوکێدی یەکگرتویی بۆ هاوخەباتی لەدژی داگیرکەرانی کوردستان.

هەر شادو سەرکەوتووبن.

**براتان**

**کرمانج گوندی**

**سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکور**

2009-12-24

---

**بەرێز/مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان**

**سڵاوێکی گەرم**

سەرەتا بەبۆنەی بەستنی سێیەمین کۆنگرەی حزبەتێکۆشەرەکەتان حزبی ڕزگاری کوردستان،زۆربەگەرمی پیرزباییتان پێشکەش دەکەین و هیوا دارین بەستنی کۆنگرەکەتان لەم کاتانەدا کەڕەوشی سیاسی کوردستان بەئاقارێکی دژواردا تێدەپەڕێ و هێشتا مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان وەکو پێویست بەدەست نەهاتووە و ململانێکان لەنێوان ئێرەو بەغدا ماوەتەوە بەتایبەتی ماددەی 140 کە مادەیەکی دەستوریەو شاری کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان لەخۆ دەگرێت ئێوەش بتوانن لەڕاسپاردەو بڕیارەکانی کۆنگرەکەتادا لە پەیرەوی ناوخۆو بەرنامەکانتاندا بەگرگیەوە ئەهەمیەتی پێبدەن و هەوڵەکانتان زیاتر بکەن بۆخزمەت کردنی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە زیاتر لە تێکۆشاندا بن بۆئەو مەسەلەیە، حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان و حزبی ڕزگاریی کوردستان هەردەم لەئاست پەیوەندیەکانداو لەئاست ڕوداوە چارەنووس سازەکاندا هاوڕاو هاوهەڵوێست بوون ، دوو بارا پیرۆز بایی بەستنی کۆنگرەکەتان لێ دەکەین و دەخوازین دەرئەنجامەکانیی کۆنگرە ببێتە مایەی بەهێزکردن وبەرفراوانی رێکخستنەکانتان تاوەکو لەورێگایەوە زیاتر خزمەت بەدروشمەکانتان بکەن.

لەگەڵ ریزماندا

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان**

2009/2/25

---

**ژبۆنا ماکتەبا سیاسیا حزبا ڕزگاریا کوردستان**

هەڤالێن هێژا

داوەت ناما وە ژ بۆ بۆنا کۆنگرەیا سیاسیا پارتیا وە تێکۆشەر گەهشت.گەلەک سپاس دکەین . ئەم پشتڕاستین، کو کۆنگرا وە وێ ببەت قناغەکا نو ژ بنا کاروخەباتاوە {نیشتمانەکی سەر بەخوە کۆمەلگایەکی بەختەوەر}

سەرکەتنا کۆنگرەیا سیاسیا حزبا وە رزگارییا کوردستان دخازین،

ب سلاڤێن براتی

**کۆمیتا ناوەندی**

**پارتیا سۆسیالیستا کوردستان**

2009/12/16

---

**بەرێزان ئەندامانی کۆنگرەی سێیەمی حزبی ڕزگاریی کوردستان**

سڵاورێز....

نامەی بەرێزتان سەبارەت بەگرتنی کۆنگرەی سێهەمتان گەیشت،لەگەل سوپاس بۆئێوە،هومێدەوارین کۆنگرەکەتان بەسەرکەوتوویی بەرێوەبچێ.

بەرێزان لەکاتێکدا کۆنگرەی حزبە تێکۆشەرەکەتان بەڕیوە دەچێ کەهەل ومەرجی ناوچەو جیهانی بەشێوەیەکی بەرچاو روو لەگۆڕانە، بێگومان کوردستانیش بەری نیە لەو گۆڕانکاریانە.هیوادورین بەپێی بارودۆخی ناوچەکە بریار وەرگرن و لەپێناو گەیشتن بەئامانجەنەتەوەییەکان،خاباتەکەتان جەماوەری تر بکەن.بە ئومێدی ئەوەی کەکۆنگرەی سێیەمتان ببێتەهۆی بەرەو پێشچون و یەکرِیزی زیاتر.

لەگەل پیرۆز بایی دوبارەمان.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

2009/12/22

---

## بەرێز/مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان

سڵاوێکی گەرم وشۆرشگێڕانە

هەوالی بەستنی کۆنگرەی سێهەمی حزبی دۆست و هاو ستراتیژی،حزبی رزگاری، بێ گومان مایەی خۆشحالیە بۆهەموو دۆستان و لایەنگرانی و رێبوارانی رێگای سار بەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی .

هەر بەو بۆنەیەوە سەرکردایەتی یەکێتیمان، یەکێتی یەکێتی شۆرش گێرانی کوردستان ،پیرۆز بایی گەرمی خۆی ئاراستەی سەرجەم ئامادە بووانی کۆنگرەی سێهەمی حزبەکەتان دەکات وەلە چەند خاڵێکدا ڕاو تێبینیەکانی خۆمانتان دەخەینە بەردەست .

**یەکەم**: کێشەی ناوچەدابراوەکان هەروابەڵپەسێردراوتی ماوەتەوە کەندوکۆسپەکانی سەر رێی ماددەی 140بۆ جێ بەجێ نەکردنی بەبەردەوامی لەزاوزێ دان و سیاسەتی عەرەبە شۆڤینیستەکان و پاڵپشتانی ناوچەی یان بۆکەم کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی کورد وپاوان خوازی خۆیان هەروابەردەوامەو لەشکر کێشی بۆ خانەقین و دەنگدانی عەرەبەکان بەماددەی 24 بۆ ئاژاوەنانەوە لەکەرکوک بەتایبەتی و باشوری کوردستان بەگشتی و چۆنیەتی ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی لەمەر هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق نمونەیەکن لەنیەتی راستەقینەی نەیارینی کوردو فکریەتی سەلەفی داگیر کەرانی کوردستان سەبارەت بەپرسی کورد.

**دووەم**: پێویستە هەنگاوەکان بەرەو سوربەخۆیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی قورستر بکەین و بیکەینە بنەمای خەبات و تێکۆشانمان ئەوش ئەرکی ئێوە وەک حزبی رزگاری کوردستان کەدروشمی نیشتمانێکی سەربەخۆ لە پەیرەم پرۆگرامتاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە قورستر دەکات.

**سێهەم**: بەلەبەرچاو گرتنی هەل ومەرجی سیاسی ئەمرۆیی ناوچەکە و لێکدانەوی سیاسەتی نێونەتەوەی سەبارەت بە پرسی کورد لەرۆژهەلاتی ناوەراست دا، لەهەر کۆرو کۆبونەوەیەک یاخود کۆنفرانس و کۆنگرەیەکدا گوتاری نەتەوەی تایبەتمان هەبێت بەبێ رەچاو کردنی بەرژەوەندنی داگیرکەرانی کوردستان.

**چوارەم**: هەوڵدان بۆدارشتنی پلانێکی بۆ دارشتنی پلانیکی بهێز کە بتوانێ هەستی نەتەوایەتی و باوەر باخۆ بون لەو بەشەی کوردستان کەشوێنی هەڵسوڕان و چالاکی ئێوەیی خەبات کارە لەنێو کۆمەلانی خەلکدا بەرێتەسەرێ.

**پێنجەم**: بیرو ڕا گۆرینەوە لەگەڵ سەرجەم حیزب و رێکخراوەکنی پارچەکانی دیکەی کوردستان سەبارەت بەگۆرانکارییەکان و هەلومەرجی ئەوپاوچەیەی کەخەباتی تێدا دەکەن و کردنەوەی پەنجەریەک لەناو بلاوکو میداکانهی خۆتاندا .

**کە** ئەوەش هەر دەگەرێتەو بۆبریاراتی کۆنگرە کەمەرجەعێکی بریار دەرە سەبارەت باچۆنیەتی دارشتنی پلانی بەرەوپێش بردنی سیاسەتی ئەو حزبە کەهیوادارین پەسەندکردنی بریاراتی کۆنگرەکەتان کە هەر وەک چاوەروان دەکرێت لەبەرژەوەندی نەتەوە کەماندابێت.

لەکۆتایدا وێرایی دووپات کردنەوەی پیرۆزبای کۆنگرەی سێهەمی حزبەکەتان هیوایی سەرکەوتنتان ب دەخوازین .

بژی کورد

پایەداربێت کوردستان

**کۆمیتەی ناوەندی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

---

## بەرێزان مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان
## ئەندامانی سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕگاریی کوردستان

دوای سڵاو ڕێزی بێ سنورمان ،بەگەرمی پیرۆزبایی بەستنی سێیەمین کۆنگرەی حزبە تێکۆشەرەکەتان لێ دەکەین و هیوایی سەرکەوتنتان بۆدەخوازین .لەهەمان کاتدا ئومێدمان وایە کەئەم کۆنگرەیە ببێتە سەکۆی یەکرێزیی ویەکبونی حزبی ڕزگاریی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین لەئایندەدا لەتێکۆشانی نەتەویی و دیموکراتیدا رۆلێکی چالاکترتان هەبێت و کاریگەریتان لەسەر گۆرەپانی یاسی و جەماوەری زیاتر بێت .ئێمەش لەم بوارەدا خۆمان بە هاو خەبات و هاو هەڵوێستان دەزانین و بەدلنیاییەوە پشتگیری هەر هەنگاوێکتان بەوئاراستەیەدا.

دوبارە پیرۆز بێت.

لەگەڵ رێزوسڵاوی شۆرشگێری

**دەستەی کارگێڕی**

**پارتی جارەسەری دیموکراتی کوردستان**

2009/12/11

---

## بۆ بەرێز حزبی ڕزگاریی کوردستان

سلاوێکی گەرم

بەبۆنەی گرێدانی سێیەمین کۆنگرەی حزبەکەتان( حزبی ڕزگاری کوردستان) بەناوی مەکتەبی سیادی پارتی پارێزگارانی کوردستانەوە جوانترین و گەرم ترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین ئومێد دەکەین بریارو ڕاسپاردەکانی سێیەم کۆنگرەتان گروتینێکی زیاتر بخاتە بەر کارو چالاکیەکانتان کە لەئاکام دا هەموو ئەمانە برژێنە خانەی خزمەت کردنی کۆمەڵانی خالکی کوردستان وسەرخستنی دۆزی رەوایی کورد دووبارە پیرۆز بێت

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی پارێزگارانی کوردستان**

2009-12-23

---

## بەرێز کۆنگرەی سێیەمی حزبی رزگاریی کوردستان

سڵاوێکی گەرم ...

بەبۆنەی گرێدانی سێیەمین کۆنگرەی حزبەتێکۆشەرەکەتان حزبی ڕزگاری کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستەدەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشڤەچونتان بۆدەخوازین،بەرێزان لەکاتێک دا کە ئێوەی بەرێز کۆنگرەی پارتەکەتان دەبەستن کوردستان بەگشتی و باشوری کوردستان بەتایبەتی بەقۆناغێکی هەستیاروچارەنووس سازدا تێپەر دەبێت ئەرکی هەموو لایەکە بەو پەری بەرپرسیارێتی بۆگەیشتنی گەلەکەمان بەرزگاری و سەربەخۆیی تێکۆشان بکەین و بەیەک ختابی سیاسی درێژەی پێبدەین،ئێمەلەپارتی نیشتمانی کوردستان PNK هاپەیمانێتی خۆمان دووپات دەکەینەوە و بەردەوام دەبین لەخەباتی سیاسی و مەدەنی بۆسەرخستنی یەکرێزی وتەبایی لەباشوری کوردستان،دوبارە هیوادارین کۆنگرەکەتان بەبریارو ڕاسپاردەکانی بەسەرکەوتووی کۆتایی پێ بێت.لەگەڵ رێزمان دا....

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی نیشتمانی کوردستان**